قوباد تاڵەبانی: سەرداوی باشمان لەسەر کەیسی نیاز دەرگەیی دەستکەوتووە

قوباد تاڵەبانی دەنیاییدایە کەسوکاری نیاز دەرگەیی کە سەرداوی باشیان دەستکەوتووە بە دەستگیرکردنی تاوانبارانی ئەو کردەوە تیرەریستییە.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکی نوسینگەی جێگری سەرکی حکومەتی هەرێم قوباد تاڵەبانی پشوازیکرد لە بنەماڵە و کەسوکاری شەهید نیاز دەرگەیی و دەنیای کردنەوە کە؛ "لایەنە پەیوەندیدارەکان بەردەوامن لە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کەیسی تیرەرکردنی شەهید نیاز" و رایگەیاند: "سەرداوی باشمان دەستکەوتووە بە دەستگیرکردنی تاوانبارانی ئەو کردەوە تیرەریستییە". هەروەک دەڵێت: "بنەماڵەی شەهید نیاز دەرگەیی بنەماڵەیەکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەرن و لەناو ریزەکانی یەکێتی خزمەتێکی زۆری گەلی کوردیان کردووە و بەهەموو شێوەیەک هاوکار و پشتیوانیان دەبن".

مانگی ئابی ئەمساڵ، نیاز دەرگەیی ئەندامی پەشووی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی لە رانیە تیرەرکرا، کە بە وتەی پۆلیسی راپۆرتین، تەرمەکەی سێ فیشەکی پێوە بووە و پەش رووداوەکە نیاز دەرگەیی بە حەوانەوە رووی لە باخەکە خۆی کردووە لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی و هیچ کێشەیەکی نەبووە.